حكومەتی هەرێمی كوردستان
سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران
وەزارەتی ڕۆشنبيری و لاوان

# هێڵە گشتييەكانی
# سياسەتی وەزارەتی ڕۆشنبيری و لاوان

بەپێی ياسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠

هەولێر ٢٠١٦

# هێڵە گشتییەکانی
# سیاسەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
**بەپێی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠**

**یەکەم/** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەڕوانێتە کولتوور وەک چەمکێکی گشتگیر و پێناسەیەکی فرەڕەهەند بۆ شێوازی گشتی ژیانی کۆمەڵگا بەهەموو پێکهاتەکانییەوە. لەو پێودانگەوە بیناکردن و پەرەپێدانی کولتوورێک بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە (ئازادیی هزر و ڕادەربڕین و داهێنان، ئازادییە گشتی و تاکە کەسییەکان، وڵاتپارێزی و ئینتیما، یاسا سەروەریی، یەکسانیی جێندەریی، کرانەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی، ژیاندۆستی، لێبوردەیی، دژە توندڕۆیی و پەڕگیری، پێکەوە ژیان و یەکدی قبوڵکردن، فرەڕەنگی و مەدەنیەتخوازی) پرینسیپ و بەها بەرزەکانی بێت. وەزارەت بەرجەستەکردنی ئەم ڕوانگە کولتوورییە بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێت و هەموو کار و هەنگاوەکانی لەو پێناوەدا تەرخان دەکات.

**دووەم/** وەزارەت لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی کاری گشتیی حکومەتی هەرێم و یاسای پەسەندکراوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٠ هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆی و چۆنێتی پیادەکردنی دادەڕێژێ.

**سێیەم/** وەزارەت لە دارشتنی ئەو هێڵە گشتییانەدا هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان و سەندیکا و کولتوورکاراندا دەکات، هەوڵیش دەدات بۆ دروستکردنی (ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی بۆ کاروباری کولتووری) بۆ ئەوەی سیاسەتی کولتووریی وەزارەت گوزارشت لە ڕوانگەی هەموو کولتوورکاران و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان بکات.

## ئامانجەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

**چوارەم/** وەزارەت بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و مەعریفی و چێژی هونەری و ئەدەبی و گەشەپێدانی وزە و تواناكانی داهێنان لای تاكی كوردستانی كار دەكات، هەروەها دابینكردنی خزمەتگوزاریی كولتووریی و دەرفەتی بەشداریی لە ڕەوتی ڕۆشنبیرییدا بە یەكسانی، وەک مافێک بۆ تێكڕای هاوڵاتیان بە ئەركی خۆی دەزانێ.

## سیاسەتی فرەكولتووریی

**پێنجەم/** كوردستان وڵاتێكی فرەنەتەوەو ئایین و ئایینزا و كولتوورە، وەزارەت وەک هۆكارێكی دەوڵەمەندیی كولتووری لەم دیاردەیە دەڕوانێ، بایەخی وەک یەک بە هەموو توخمە كولتووریی و وردە كولتوورەكان دەدات، هەمووان لە پەراوێزبوون و فەرامۆشبوون دەپارێزێ و لەنێو یەک ئینتمای نیشتمانیی فرە ڕەنگدا كۆیان دەكاتەوە.

**شەشەم/** كۆمەڵگەی كوردستانی وەک كۆمەڵگەیەكی زیندوو لە گەشە و پێشكەوتنی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریدایە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی كولتووریی هەیە، بۆیە وەزارەت لە دارشتنی هێە گشتییەكانی كاری خۆیدا ئەو بزافە لەبەرچاو دەگرێت و پێداویستییە كولتوورییەكانی قۆناغە چاوەڕوانكراوەكانی پێشكەوتنی ئایندەیی دەكاتە بەرنامەی كاری خۆی.

## ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی

**حەوتەم/** کەلتوور و ئەدەب و هونەر تۆخمگەلێکی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی کوردن، ئەم فەرهەنگە لە چوار پارچەی کوردستاندا یەکدی تەواو دەکەن. بوار ڕەخساندن و پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییە کولتوورییەی نێوان پارچەکانی کوردستان ئەرکێکی نیشتمانی و کولتوورییە.

## سیاسەتی کولتووری لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی

**هەشتەم/** کولتوور زمانی لەیەک تێگەیشتن و پردی بەیەکگەیشتنی گەلانە. وەزارەت برەودان بە ئاڵوگۆڕی کولتووری و بزافی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی و پێوەندی ڕۆشنبیری لەگەڵ گەلانی هاوژیانی کورد لە کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا بە پرینسیپێکی گرنگ دەزانێ.

## هاندان و پشتگیریی وەزارەت لە داهێنان و داهێنەران

**نۆیەم/** بەو پێیەی ئازادی و داهێنان مافێکی پەسەند کراوەو دەبێ بپارێزرێت و زەمینەی بۆ خۆش بکرێت، وەزارەت هاندانی بەرهەمی هزری و ئەدەبی و هونەری ئاستبەرز و گیانی داهێنان و بوێری و دەستپێشخەری لە داهێناندا، و پشتیوانی کردنی داهێنەران بەرامبەر هەر فشار و سانسۆر و شەڕانگێزی و ئاستەنگێکی ناڕەوا و نایاساییدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

**دەیەم/** بایەخدانی زیاتر بە پارێزگای سلێمانی لە بواری کلتووری، بەتایبەتی ئێستا کە بۆتە پایتەختی ڕۆشنبیری

## پاراستنی ڕەهەندی ڕەسەنایەتی کولتووریی

**یازدەیەم/** پاراستنی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی کولتووریی کوردستانی و هاوکات هاندانی گیانی نوێخوازی و تازەگەری و بایەخدان بە گەنجانی ڕێچکەشکێن و پێشەنگ لە بواری داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا.

## ژێرخانی کولتووری

**دوازدەیەم/** دابینکردنی ئامراز و دامەزراوە و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکان و ژێرخانی پێویست لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ گەشەیەکی کورتووریی سەردەمیانە و هاوتەریب لەگەڵ گەشەی کولتووریی گەلانی پێشکەوتوو ئەرکی وەزارەتە، قۆناغ بە قۆناغ کار بۆ جێبەجێ کردنی دەکات.

## دەستگیرۆیی و کۆمەک

**سیانزەیەم/** وەزارەت پابەند دەبێت بە بەرەودان بە پرنسیپی کۆمەک و دەستگیرۆیی داهێنەران و بەهرەمەندان بۆ خۆتەرخان کردنیان بۆ زینووکردنەوە و بەرهەمهێنانی کولتووریی ، تا لەپێناو بژێویی و سەختییەکانی ژیاندا بواری داهێنان بەجێ نەهێڵن.

## بزافی ڕۆشنبیری لە دەرەوەی شارە گەورەکان

**چواردەیەم/** بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری کلتووریی تەنیا لەنێو شارە گەورەکاندا قەتیس نەبێ، وەزارەت کار بۆ ئەوە دەکات ئەو خزمەتگوزارییە بگاتە هەموو گوند و ناوچە دوورەدەستەکان، تاوەکو هیچ جێگەیەکی کوردستان دووچاری پەراوێزخستنی کولتووری نەبێت. هاوکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو فراوانبوون و پەلهاوێشتنەی لە شارە گەورەکاندا دێنە دی.

## هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا.

**پانزەیەم/** بەرفراوانکردنی بازنەی بزافی کولتووریی و گشتاندنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هاریکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی وەکو خوێندنی باڵا، پەرزوەردە، کاروکۆمەڵایەتی و گەشتوگوزار بە گرنگ دەزانێ بۆ ئەوەی کولتوور تەنیا لەناو بازنەی ڕۆشنبیرییدا قەتیس نەمێنێت.

## دەستگیرۆیی بەهرەمەندە تازە هەڵکەوتووەکان

**شازدەیەم/** وەزارەت لەکاتێکدا هاوکاری پرۆژە جدییەکانی کولتوورکارە دیار و داهێنەرە بە ئەزموونەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێت، لەهەمان کاتیشدا دەستگیرۆیی و هاندانی بەهرە و پرۆژە نوێ و سەرەتاییەکانیش فەرمۆش ناکات.

## پاراستنی مافی خاوەندارێتی

**حەڤدەیەم/** پاراستن و دابینکردنی مافی خاوەندارێتی داهێنەر و دانەران ئەرکی وەزارەتە. هەروەها نووسەر و هونەرمەندان دەبێ لە فرۆشی بەرهەمەکانیان خاوەندار و سوودمەندی یەکەم بن. ئەرکی وەزارەت و دەزگاکانیەتی بازاری کولتووری بۆ بەرهەمەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بیبنەوە و پشتگیری دەزگاکانی بەرهەمهێنانی هونەریی و چاپ و پەخشکردن بکەن. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت ڕێنمایی تایبەت دەردەکات بەمەبەستی باشتر جێبەجێکردنی مافی پاراستنی دانەر لە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بەم بابەتە، کە دەبێت ئامرازێکی گرنگ بۆ پاراستنی مافی دانەر.

## بەشداری پێکردنی کەرتی تایبەت لە بنیاتنانی ژێرخانی کوولتووریدا

**هەژدەیەم/** لە پرۆسەی پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی و دەستگیرۆیی کار و پرۆژە کولتوورییەکاندا، جگە لە بودجەی تەرخان کراوی ساڵانەی حکومەت، وەزارەت هەوڵ دەدات کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەر و سەرمایەگوزاران هان بدات، کە بەشداریکردن لە بنیاتنانی ژێرخانی کولتووری و پشتیوانی پرۆژە کولتوورییەکان بە بەشێک لە بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرشانی خۆیان بزانن، لەو ڕێگایەوە خزمەتی هاونیشتمانیی و کۆمەڵگەی خۆیان بکەن. لە پێناو ئەوەشدا وەزارەت

کارئاسانی بۆ ئەو کۆمپانیا و سەرمایەگوزارانە دەکات، کە پرۆژەی لەو جۆرە وە ئەستۆ دەگرن، هەروەها بەشدار دەبێت لە بەخەڵک ناساندن و ناوبانگ دەرکردن و پشتیوانی و خەڵاتکردنی مەعنەویی ئەو لایەنانە.

## تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی میدیا

**نۆزدەیەم/** لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتیزەبووندا کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە میدیایەکی پیشەیی سەرڕاست و بەرپرسیار و ئازاد هەیە، تا بشێ لە گەیاندنی زانیاری و فەراهەمکردنی مینبەری گفتوگۆی ڕا جیاوازەکاندا سەرکەوتووانە ئەرکەکانی بەڕێوە ببات.

وەزارەت دروستبوونی (ئەنجومەنێکی باڵای میدیا) پێ باشە، کە ئەو ئەنجومەنە بتوانێت بە هەماهەنگی وەزارەت ئەو بوارە ڕێک بخات.

## مەشق و ڕاهێنان و گەشەی تواناکان

**بیستەم/** مەشق و ڕاهێنانی ئەو کارمەند و خزمەتگوزارانەی کە لە بواری کولتووردا کار دەکەن و گەیاندنیان بە ئاستێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ ڕۆحی ئەم سەردەمەدا بگونجێت.

## سیاسەتی کولتوور و ئایندەی کۆمەڵگە

**بیست و یەک/** لەگەڵ گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگا ، لە هەموو قۆناخێکدا دەبێت هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی کولتوور سەرلەنوێ تاوتوێ و تازە بکرێنەوە، پاشەڕۆژ و وێناکانی بزافی کولتووری و داخوازییەکان سەبارەت بە ئایندە لەبەرچاو بگیرێن.

## کتێب و کتێبخانە و چاپەمەنی

**بیســـت و دوو/** وەزارەت بـــایەخیکی تەواو بە کتێـــب و کتێبخانەکـــان دەدات و ئەنجامدانی پرۆژەی کتێبخانەی گەڕۆک بۆ شـار و شـارۆچکەکان یەکـێکە لە خواســـتەکانی وەزارەت. وە بەجـــدی کـــار دەکـــات لە داهـــاتویەکی نزیـــک کتێبخانەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە کە یەکـێکە لە ئامـانجە ســـەرەکییەکانی وەزارەت، هەروەهـــــا وەزارت هەوڵ دەدات چەنـــدین کتێبخانەی دیکە لەو شوێنانە بکاتەوە کە پێویستن.

## فیستیڤاڵ و دیداری ڕۆشنبیری

**بیست و سێ/** بەمەبەستی کاراکردنی بزافـی ڕۆشـنبیری و لەیەکتـر نزیککردنەوەی ڕۆشـنبیران و هونەرمەنـدا و دروسـتکردنی پـردی دیـالۆگ و هەمـاهەنگی، وەزارەت لەسەرانســـەری شـــارەکانی کوردســـتان بـــایەخ بە ئەنجامـــدانی فیستیڤاڵ و دیداری ڕۆشنبیری و هونەری

# دیدگای وەزارەت بۆ بواری لاوان

## سەرەتا و پێناسە

•ئامانجی وەزارەت کارکردنە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لاوان و کاراکردنیان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، هەروەها برەودان بە ئینتما بۆ شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەشداریکردنی کارایانەیانە لە پێشخستنی کۆمەڵگا وهەمدیس دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ تواناکانیان

## ئامانجەکان

- بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکاری لاوان، بەتایبەت لەو بوارانەی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کەرتی لاوانەوە هەیە.
- دانانی پلانی درێژخایەن و ساڵانە لە لایەن حکومەتەوە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی لاوان.
- ڕێکخستن و برەودان بە کارنامەی حکومەت و وەزارەت لە بواری لاواندا.
- ڕەخساندنی زەمینەیەکی باشتر بۆ بەشداری لاوان لە کایەکانی ژیان و چەسپاندنی گیانی هاوڵاتیبوون لە ناویاندا.

## • گەشەدان بە حەز و خولیای لاوان.

•ڕەچاوکردنی دیمۆگرافیای لاوان لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی کردنەوەی ناوەند و دامەزراوەکانی تایبەت بە حەز و خولیاکانی لاوان.

## میکانیزمی کارکردن

•ڕێگەگرتن لە زیانە تەندروستییەکانی لاوان و پەنابردنیان بۆ مادە هۆشبەرەکان، ئەویش بە ئاگادارکردنەوەیان لەڕێی خول و بڵاوکراوەکانەوە.

•پڕکـردنەوەی کـاتە بەتاڵەکانیـان بە کـاری بـاش و بەسـود، لەڕێـی بایەخـدان بەکـاری ناوەنـدەکانی لاوان و چاککردنیـان بە ئاراسـتەی بەدیهێنـانی خواسـت و پێداویستییەکان.

## کاری خۆبەخش

•برەدان بە کاری خۆبەخشی لاوان و چالاکبوونیان لە بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و شارستانی، هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەم بوارە بە یاسا ڕێک بخرێت.

•دانانی پلانی ستراتیژیی حکومەت بۆ لاوان، بەشێوەیەکی زانستی و گشتگیر

.

## پێوەندییەکانی لاوان لە هەرێم و دەرەوەی هەرێم.

•بەهێزکردنی پەیوەندیی لاوان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، فراوانکردن و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییە لەسەر ئاستی هەرێم و وڵاتانی دەرەوە، بە ئامانجی ئاوێتەکردنی ئەزموون و ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی.

## هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومەت و کۆمەڵگا.

•هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لە بواری خزمەتکردنی توێژی لاوان، لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی تری حکومەت و کۆمەڵگا، وەکو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی لاوان، بەمەبەستی هەماهەنگیکردن و ڕێکخستنی تواناکان بە ئامانجی زیاتر کاراکردنی ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتی لاوان دەکەن.

## باڵانسی نێوان هەردوو ڕەگەز

•هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی باڵانسی جەندەری لەسەرجەم کایە حکومی و کۆمەڵایەتییەکاندا و بەخشینی دەرفەتی یەکسان و هاوبەش بە هەردوو ڕەگەز.

•بایەخدانی تایبەت بە لاوانی دێهات و ناوچە دوورە دەستەکان، لە ڕێگای زیادکردنی ناوەندەکانی لاوان و ئەنجامدانی خول و چالاکی هەمەجۆر.

• کارکردنی جدی و بە بەرنامە بۆ کەم کردنەوەی بێکاری و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرزکردنی ئاستی تواناسازیی لاوان.

•بەشداركردنی لاوان لە پلان و ستراتیژی وەزارەت و حکومەن لە بواری لاواندا.

## تێڕوانین و ئامانجەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان سەبارەت بە وەرزش و بایەخدان بە بوارەکانی وەزرش:

**سەرەتا و پێناسە**

•بەو پێیەی وەرزش ئامرازێکی گرنگە بۆ باری تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگا، سیاسەتی وەزارەت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە وەرزش بۆ هەمووان بێت، بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش وەزارەت بە بەرنامەی هەمەلایەن کار لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان دەکات.

•لە ڕوانگەی ئەوەوە کە یانەکانی وەرزش جێگایەکن بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی تاکی کۆمەڵگا، وەزارەت کار دەکات بۆ ئەوەی ، بە میکانیزمێکی گونجاوتر و لە بارتر و مۆدێرنتر کارەکانی خۆیان لە ڕووی (کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری ، ئابووری)یەوە ئەنجام بدەن، هەروەها کار بۆ دۆزینەوە و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی داهاتەکانیان بکرێت، ئەمەیش بەمەبەستی کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

•لەبەر گرنگی وەبەرهێنان وەزارەت بە شێوەیەکی سەردەمیانە دەڕوانێتە ئەم بوارە، بۆیە وەزارەت بە مەبەستی بوژاندنەوەی ژێرخانی وەرزش لە کوردستان هەوڵ دەدات هانی سەرمایەی دەرەکی بدات و بواری وەبەرهێنانیان بۆ ئاسانتر بکات، بە تایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی پاڵەوانێتیە کیشوەریی و نێودەوڵەتییەکان لە کوردستاندا.

•وەزارەت بەتووندی ڕووبەڕووی بەکارهێنانی مادە وزەبەخشەکان دەبێتەوە- هەروەها کار دەکات بۆ دانانی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بۆ بنبڕکردنی بەکارهێنانی مادە وزەبەخشەکان بە هاریکاری سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان.

## میکانزمی کارکردن

## کەمکردنەوەی جیاوازی جێندەر

•وەزارەت کـار بـۆ کەمکـردنەوەی جیـاوازی جێنــدەری و بەرجەســتەکردنی سیاسەتی یەکسانی (جێندەر) لە چالاکییە وەرزشییەکاندا دەکات، هەروەها کار بـۆ بەرزکـردنەوەی ئاسـت و ڕێـژەی نـوێنەرایەتیی ئافرەتـان لە بوارەکـانی (کـاگێڕی ، سـەرکردایەتی ، هـونەری ، پراکتیکــی) لە ســەرجەم دامودەزگاکــانی وەرزش لە کوردستاندا دەکات.

## وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەتییەکان

•وەزارەت گرنگـی دەدات بە وەرزشـکارانی خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت لە ڕێگای دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیانەوە، بە جۆرێک کە ئەم تێـڕوانینە لە کاتی جێبەجـێ کردنـی پـرۆژە سـەرەکییەکان لە لایەن دەزگا فەرمییەکـانی تـری حکومەتەوە ئەنجام دەدرێت، ڕەنگ بداتەوە.

## ڕاگەیاندنی بواری وەرزش

•وەزارەت کار بۆ ڕێکخستن و پێشخستنی بواری ڕاگەیاندنی وەرزشی دەکـات، بە ڕەخســاندنی دەرفەتــی گونجــاو بــۆ پێشــکەوتن و وەرگرتنــی زانیــاری نــوێ و هاوچەرخ بۆ سەرجەم ڕاگەیاندکارانی کوردستان لەم بوارەدا.

## بەرز نرخاندنی کۆششی وەرزشوانە دێرینەکان

•ڕێزگـرتن لە مێـژوو مانـدووبونی وەرزشـکارانی کوردسـتان یەکـێکە لە بنەمـا سـەرەکییەکانی سیاسـەتی وەزارەت، ئەوەش بە مەبەسـتی بەرزنرخانـدنی کـار و کۆششیان و لەیـاد نەکردنیـان، لە ڕێگـای بەسـەرکردنەوەی وەرزشـکارە دێرینەکـانی کوردسـتان و ڕێـز لێنانیـان، لە ڕێـگەی دانـانی بەرنـامەی و پـرۆژەی تێروتەسـەلی زانســتی هەمەلایەن بــۆ خزمەتکردنــی وەرزشــکارە دێرینەکــان، بەجۆرێــک کە شایستەی کار و ئەرک و ماندووبوونیان بێت.

## بایەخدان بە تیپە میللییەکانی وەرزش

•وەزارەت بـــایەخێکی تـــایبەت بە تیـــپە میللییەکـــانی وەرزش دەدات، لەو باوەڕەوە کە تیپە میللییەکان سـەرچاوەی هەمـوو بەهـرە و توانـایەکی وەرزشـکارە هەڵکەوتووەکانن، لەپاڵ دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ تیپە میللییەکان.

## هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا نافەرمییەکانی بواری وەرزش

•وەزارەت کـار بـۆ بەرنـامەڕێژییەکی سـەردەمیانە دەکـات، لەپێنـاو تونـدوتۆڵ کردنی هەمـاهەنگی نیـوان دەزگا نافەرمییەکـانی حکـومەت لە بـواری وەرزشـدا، لە ڕێگەی دروستکردنی بۆردێکی وەرزشیی فەرمییەو، هەروەها کار بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی ئەو بۆردە دەکات، بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لە کوردسـتان و عیراقدا بەرکارن و کاریان پێ دەکرێت.